# کەروێشکێك لەناو مانگدا

## کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەفسانەییە بۆ منداڵان



وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمە عەباس

هەولێر 2005

www.dengekan.com
9/22/2006

ناوی کتێب: کەروێشکێك لەناو مانگدا
جۆری کتێب: چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵان
وەرگێڕانی : حەمە عەباس
نەخشەسازیو کارە هونەرییەکان : شێروان خدر
چاپی یەکەم
هەولێر _ 2005

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر
ژمارەی سپاردنی (346 )ی ساڵی ( 2005 )ی دراوەتێ

**ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانە لەم کتێبانەوە وەرگیراون**

1- **سفید برفی** ، 10 **افسانە جهانی** ، **برگردان:محمد قصاع**

2- **دیوهای دماغ دراز، چهاردە افسانە ژاپنی** ، **ترجمە:** محمد رضا شمس

3- **جنگ پهلوان و غول،** 16 **افسانە افریقایی بازنوشتە:** کتلین آنوت، **ترجمە:** رضوان دزفولی

4- **قوی سفید،**11 **افسانە از اسیای میانە** ، **برگردان: فتح اللە دیدەبان**

**سوپاس و پێزانین**

**پڕ بەدڵ سوپاسی هاوکاریی دڵسۆزانەی هەریەك لە بەڕێزان کاك شاکر ئەبوبەکر بەڕێوەبەری گشتی دەزگای چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری وبلاوکردنەوەو کاك محەمەد خدر مەولود بەڕێوەبەری چاپخانەی ڕۆشنبیری و کاك سەید ئارام لە یەکێتی نووسەرانی کورد دەکەم.**

www.dengekan.com
9/22/2006





# بۆدلینگ و رێوی

کورپێژگەیەك هەبوو ناوی ( بۆدلینگ ) بوو ,لەگەڵ داپیرەی لە خانوویێکی بچکۆلەی نزیك دارستانێکی گەورەدا دەژیان. داپیرەی هەموو سەرلەبەیانییەك پێش ئەوەی بۆ کارکردن بچێتە دەرەوە بە بۆدلینگی دەگوت ( کوڕی خۆم بۆدلینگ خواردنەکەت وا لەسەر مێزەکەیەو لە بیریشت نەچێ تا من دەگەڕێمەوە دەرگا لە هیچ کەسێك نەکەیتەوە )

ڕۆژێك وەك هەموو ڕۆژانی دیکە کاتێ کە داپیرە بۆ سەر کار دەڕۆیشت بانگی بۆدلینگی کردو گوتی : ( ئەمڕۆشۆربایەکم بۆت ئامادە کردووە , نیوەڕۆ نانەکەت بخۆو لە بیریشت نەچێ دەرگا لە هیچ کەسێك نەکەیتەوە ) داپیرە ئەمەی گوت و بەڕێکەوت , ئەوەندەی پیێنەچوو پیرە رێوییەك کە ناوی ( لیشیکا ) بوو هات لە دەرگایداو گوتی :

بۆدلینگ .. هۆ بۆدلینگ من لیشیکام

دەرگام لێبکەوە وا لەبەر دەرگام




بۆدلینگ وەڵامی دایەوە :

پوورە لیشیکا لێرە دوورکەوە
دەرگایماڵەوەت لێناکەمەوە

بەڵام پیرە رێوی دووبارە گوتی :

تۆ دەزانی من چی دەکەم؟
سواری پشتی خۆمت دەکەم




بۆدلینگ لەدڵی خۆیدا گوتی : چەند خۆشە هەندێك سواری پشتی لیشیکا بم وبەملاو بەولادا برۆم , ئەوەبوو قسەی داپیرەی پشتگوێ خست و دەرگای لە پیرە رێوی کردەوە , لیشیکای فیڵباز هاتە ژوورەوە , بیرتان بۆ ئەوە دەچێ چی کردبێ؟ بۆدلینگی سواری پشتی خۆی کردو بۆ



ئەملاو ئەولای برد؟ نا , کاری وای نەکرد , چووە سەر مێزەکەو ئەو شۆربایەی کە داپیرە بۆ خواردنی نیوەڕۆی بۆدلینگ لەوێی دانابوو , خواردی و بۆی دەرچوو , ئەو نیوەڕۆیە شتێك نەبوو بۆدلینگ بیخوات و تا داپیرەی گەڕایەوە بە برسێتی مایەوە .

شەو کە داپیرە هاتەوەو گوتی : ( بۆدلینگ دەرگات لە کەس کردۆتەوە ؟ ) بۆدلینگ کە زۆری برسی بوو بە گریانەوە گوتی : ( بەڵێ داپیرە , دەرگام لە ڕێوی فێڵباز کردەوەو هەموو شۆرباکەی لێ خواردم و بۆی دەرچوو ) داپیرە گوتی : ( باشە بۆدلینگ گیان ! ئیستا بینیت ئەگەر دەرگا بکەیتەوەو بێگانەیەك بێتەماڵەوە چی ڕوودەدا ؟ لەمەودوا بە قسەی من بکەو دەرگا لە هیچ کە سێك نەکەیتەوە ) .



بۆ بەیانییەکەی داپیرە هەندێ چێشتی بۆ نیوەڕۆژەی بۆدلینگ دروستکردو گوتی : ( بۆدلینگ گیان , بۆ نیوەڕۆ چێشتم بۆت دروستکردووە , بەڵام لەبیرت بێ دەرگا لە هیچ کەسێك نەکەیتەوە ) .

ئەوەندە بەسەر ڕۆیشتنی داپیرەدا تێنەپەڕیبوو کە لیشیکا دووبارە هات لە دەرگایداو گوتی :




بۆدلینگ .. هۆ بۆدلینگ من لیشیکام
دەرگام لێبکەوە وا لەبەر دەرگام

بۆدلینگ گوتی :

پوورە لیشیکا لێرە دوورکەوە
دەرگای ماڵەوەت لێناکەمەوە


لیشیکا گوتی :

بۆدلینگ .. هۆ بۆدلینگ تۆ زۆر نازداری
وەرە پێکەوە دەسکەین بە یاری
سواری پشتی خۆمت دەکەم
دەسوڕێمەوەو هەڵنایەم





بۆدلینگ ەله دڵی خۆیدا گوتی : لەوانەیە ئەمجارە راست بکات ٬ بێگومان سواری پشتی خۆیم دەکات , ئەوسا چوو دەرگای لە پیرە رێوی کردەوە ٬ لیشیکا هل\اتە ژوورەوەو ئەمجارەش هەموو چێشتەکەی بۆدلینگی خواردو بۆی دەرچوو , بۆ نیوەڕۆ بۆدلینگ شتێکی نەبوو بیخوات , تا داپیرەی هاتەوە بە برسێتی مایەوە .. شەو کە داپیرە گەڕایەوە ماڵ گوتی : ( بۆدلینگ دەرگات لە کەس کردۆتەوە ؟ ) بۆدلینگ کە زۆری برسی بوو بەدەم گریانەوە گوتی : ( بەڵێ داپیرە دەرگام لە لیشیکا کردەوە ٬ هەموو چێشتەکەی لێ خواردم و بۆی دەرچوو ) داپیرە گوتی : ( بۆدلینگ تۆ کوڕێکی دەبەنگی , ئەگەر ئەمجارە دەرگا بکەیتەوە دارکارییەکی چاکت دەکەم , تێگەیشتی؟ )




رۆژی دواتر داپیرە هەندێ لۆبیای بۆ بۆ نیوەڕۆژەی بۆدلینگ لێنا , هەر کە داپیرە لە ماڵ چووە دەرەوە بۆدلینگ دەستی بە خواردنی لۆبیا کرد , چونکە زۆر حەزی لەو خواردنە بوو , ئەوەندەی نەبرد لیشیکا هات لە دەرگایداو گوتی :



بۆدلینگ .. هۆ بۆدلینگ من لیشیكام
دەرگام لێبكەوە وا لەبەر دەرگام
ئەمجارە یاریت لەگەڵ دەكەم
ئەتۆ لەخۆم رازی دەكەم
دەتخەمە قەڵادۆشكانم
تۆش توند بگرە دوو گوێیانم

ئەمجارە بۆدلینگ دەرگای نەكردەوە ' قاپە لۆبیاكەی هەڵگرت و چووە بەردەم پەنجەرەو بەرامبەر پیرە رێوی دانیشت و دەستی بە خواردن كرد , بەڵام پیرە رێوی ئەوەندە لەبن گوێی خوێند تا هەڵیفریواندو دواجار بۆدلینگ دەرگای لێكردەوەو لیشیكا بازیدا ژوورەوە , دەزانن چیی كرد؟ ئەوەندە لۆبیایەی لەناو قاپەكەدا مابوو بە یەك جار هەمووی خواردو دواتر بە بۆدلینگی گوت :

بۆدلیتگ .. هۆ بۆدلینگ تۆ زۆر بەنازی





ئێستاکە بڵێ چیم لێ دەخوازی ؟


بۆدلینگ بە خۆشحاڵییەوە گوتی :

دەخوازم بێمە قەڵادۆشکانت
بە دەستم بگرم هەردوو گوێیانت

لیشیکا پێکەنی و گوتی :

ئێستا تۆش وەك من ژیرو زۆرزانی
بۆیە شایستەی قەڵادۆشکانی
بەرەو خوار دەڕۆم .. بەرەو ژوور دەڕۆم
هەرکوێ بخوازی دەتبی\ەم لەگەڵ خۆم


بۆدلینگ هاتە پێشترو گوتی :





ئیتر لەمەولا تۆ هاوڕێی منی
بەڵام چیدیکە نەمخەڵەتێنی

بۆدلینگ ئەمەی گوت و سواری قەڵادۆشکانی لیشیکا بوو , ڕێوی فێڵباز بە دەوری ژوورەکەدا دەستی بە سوڕانەوە کرد, ئەوەندە بە خێرایی دەسوڕایەوەو دەسوڕایەوە تا سەری سوڕاو لەترسان چاوەکانی نووقاند , لیشیکاش وەك چۆن بۆدلینگی بە قەڵادۆشکانەوەبوو هەرئاوەها ماڵەکەیانی بەجێهێشت و بە غاردان رووی کردە دارستانێك و بۆدلینگیشی لەگەڵ خۆی برد , ڕێویی فێڵباز لەناو لانەکەی خۆیدا بۆدلینگی لەگەڵ سێ بێچووەکەی خۆی حەشارداو ڕێگای نەدا لە گونی لانەکە بێتە دەرەوە , ئیتر بۆدلینگ دەبوایە هەمیشە لای ئەو سێ بێچووە ڕێوییە بمایەتەوەو بێچووە ڕێوییەکانیش لێیان دەداو گازیان لێدەگرت و ئازاریان دەدا .






کاتێ داپیرە گەڕایەوە ماڵەوە بینی دەرگا کراوەتەوەو بۆدلینگیش دیار نیە , هەموو شوێنێ گەڕا بەڵام نەیتوانی کوڕەکەی بدۆزێتەوە , لە دراوسێکانیشی پرسی ئایا بۆدلینگی بچکۆلەیان دیوە یان نا , هەموو گوتیان نەماندیوە .. داپیرە دەستی بەگریان کردو تەنیاو خەمگین مایەوە .

ڕۆژێك لەرۆژان نەواژەنێك بەپای لەدار دروستکراوەوە هاتبووە لای ماڵی داپیرەو ئاوازێکی دەژەنی , داپیرە بەبیستنی ئەم ئاوازە بۆدلینگی هاتەوەبیرو بە نەواژەنەکەی گوت : (هۆی نەواژەن , وەرە ئەم پارەیە وەربگرە , بەڵام توخوا چیتر ئەم ئاوازە لێمەدە , نەوای تەمبوورەکەی تۆ منی هێنایە گریان ).

ننەواژەن پرسی : بۆچی؟



داپیرە گوتی : ( لەبەرئەوەی ئەم ئاوازە بۆدلینگم دێنێتەوەبیر ) دواتر تەواوی بەسەرهاتی بۆدلینگ و بزربوونەکەی بۆنەواژەنەکە باسکرد .

نەواژەن گوتی : (بەدبەخت داپیرە! ) دواتر گوتی : (داپیرە دەزانی دەمەوێ چی بکەم ؟ لەکاتێکا دەچمە هەرشوێنێك هەرچاوێکم دەکەمە چوارچاو




بەڵكو سۆراغێكی بۆدلینگی تۆ بكەم ، ئەگەر دۆزیمەوەش دەیهێنمەوە بۆلات )داپیرە خۆشحاڵ بوو بەمە و گوتی : ( بەڕاستیتە ؟! ئەگەر بۆدلینگم بۆبێنیتەوە منیش كیسەیەك گەنم و كیسەیەك هەرزن و كیسەیەك خەشخاش و هەرشتێكیش كە لەم ماڵە هەیە بڕێكی بەتۆ دەدەم )

نەواژەن خواحافیزی لەداپیرە كردو ڕۆیشت , لەوساوە بۆهەر جێگایەك بڕۆیشتایە بەدوای بۆدلینگدا دەگەڕا ، بەڵام نەیدۆزییەوە : تا ڕۆژێكیان بەناو دارستانێكدا تێپەڕی دەنگی گریانی منداڵێكی بەرگوێ كەوت , لەدڵی خۆیدا گوتی : (ئۆهۆی من واهەستدەكەم لیشیكای تەڵەكەباز بۆدلینگی دزیبێ , بێگومان لای سێ بێچووە كەی خۆی دایناوە , ئەمەی گوت و دەستیكرد بە تەمبوورژەنین , لەگەڵ ژەنینی تەمبوورەكە ئەم گۆرانییەشی دەگوت :

تارو تارو تار

جرینگ و جرینگ و جرینگ


وا دەگەڕێم بەدوای بۆدلینگ





یەك و دوو و سێ
یەکەمیان لەکوێ ؟
دەنگی بۆدلینگم لەماڵی رێوییان کەوتۆتە بەرگوێ

لیشیکای پیر کە ئاوازەکەی بیست , بەبێچووە گەورەکەی گوت : ( هانێ ئەم پارەیە ببەو بیدە بەم نەواژەنە و پێی بڵێ ئەم ئاوازە نەژەنێت و هەرچی زووترە بەدوای کاری خۆیدا بڕوات , چونکە من سەرم ژان دەکات ) کوڕە گەورەکەی رێوی لە لانەکە هاتە دەرەوەو پارەکەی دایە نەواژەنەکەو گوتی : (دایکم ئەم پارەیەی دایتێو گوتی زوو لێرە بڕوات , دایکم سەری ژان دەکات )
پیرەمێردی نەواژەن دەستی درێژکرد تا پارەکە وەربگرێت , بەڵام پڕی دایە بێچووە رێوییەکەو گرتی و خستییە ناو کیسەیەك , دووبارە دەستی کردەوە بە تەمبوورژەنین و گۆرانی گوتن :
تارو تارو تار
جرینگ و جرینگ و جرینگ





وا دەگەڕێم بەدواى بۆدلينگ

يەك و دوو و سێ

دووەميان لەكوێ ؟

دەنگى بۆدلينگم لەماڵى رێوييان كەوتۆتە بەرگوێ

ليشيكا بێچووى دووەميشىلا بەپارەيەكەوە ناردە لاى نەواژەن , بەڵام پيرەمێرد ئەويشى گرت و خستيە ناو كيسەكەوە .. دووبارە دەستى پێكردەوە :

تارو تارو تار


جرينگ و جرينگ و جرينگ

وا دەگەڕێم بەدواى بۆدلينگ

يەك و دوو و سێ

سێيەميان لەكوێ ؟

دەنگى بۆدلينگم لەماڵى رێوييان كەوتۆتە بەرگوێ





لیشیکا تۆزیبیری کردەوەو گوتی : ( نازانم بۆچی ئەم نەواژەنە پیرە وازناهێنیٚ ) و بێچووی سێیەمیشی بە پارەیەکەوە ناردەلای , نەواژەنی پیر , بێچووەڕێویی سێیەمیشی گرت و خستییە ناو کیسەوە .. دواتر دیسان دەستی پێکردەوە :

تارو تارو تار


جرینگ و جرینگ و جرینگ

وا دەگەڕێم بەدوای بۆدلینگ

یەك و دوو و سیٚ

چوارەمیان لەکویٚ ؟

دەنگی بۆدلینگم لەماڵی رێوییان کەوتۆتە بەرگویٚ




لیشیکا تەنها سیٚ بێچووی هەبوو ئەوانیش یەك بەدوای یەکتردا رۆیشتبوون و هیچیان نەگەڕابوونەوە , ویستی ئەمجارە بۆدلینگ بنێریٚ , بەڵام ترسا لەوەی کە رابکات , بۆیە خۆی لەلانەکە هاتەدەرەوە تا بزانیٚ باس وخواس چیە , نەواژەنی پیر ئەویشی گرت و خستیە ناو کیسەکەوە , دواتر چووە لای لانەکەو گوتی : (هۆی بۆدلینگ وەرە دەرەوە ) بۆدلینگی



بەستەزمان لەکاتێکا لە ترسان هەڵدەلەرزی لەلانەکە هاتە دەرەوەو تێگەیشت کە نەواژەنی پیر ڕێویی تەڵەکەبازو بێچووە کانیشی گرتووە و لەناو کیسەی هاوێشتوون چووە لای نەواژەنەکەو پێیگوت : ( خاڵۆی نەواژەن توخوا بمبەوە بۆلای داپیرەم ) نەواژەن پێکەنی و گوتی : (دەتبەمە لای داپیرەت , بەڵام جاریٚ دەبیٚ ئەم ڕێوییانە عاقڵ بکەم , دواتر دەستی دایە دارێك و دەستی بەلێدانی ڕێوییە تەڵەکەبازەکە کرد , ئەوەندەی لێدا تا ڕێوی بەڵێنی پێدا کە ئیدی بەهیچ جۆریٚ دەستدرێژی ناکاتە سەر بۆدلینگ .

پیرەمێردی نەواژەن لیشیکاو بێچووەکانی ئازادکرد تا بچنەوە دارستان و بۆدلینگیشی بردەوە بۆ لای داپیرەی , داپیرە بە بینینی بۆدلینگ زۆر خۆشحاڵ بوو و ئەو بەڵێنەشی جێبەجێکرد کە بە پیرەمێردە نەواژەنەکەی دابوو و کیسەیەك گەنم و کیسەیەك هەرزن و کیسەیەك خەشخاش و لە هەرشتێکی تریش کە لە ماڵەکەیدا هەبوو بڕێکی دایە نەواژەنەکە , نەواژەنی پیریش تەمبوورەکەی هەڵگرت و بارو بارگەی پێچایەوەو بەڕێی خۆیدات ڕۆیشت , بۆدلینگیش کە لەساویلکەیی خۆی






تووشە ئەم هەموو مەینەتی و هەڵخەڵەتاندنانەی لیشیکا ببوو , فێری ئەوەبوو کە لە کاتێکا داپیرەی لەماڵنەبێ دەرگا لەهیچ بێگانەیەك نەکاتەوە .


سەرچاوە :

کتێبی (سفید برفی ) , وەرگێڕانی بۆ فارسی محمد قصاع

**کەروێشکێك لەناو مانگدا**







# کچۆڵەیەك فڕییە ئاسمان

( ئەفسانەیەکی ژاپۆنییە )

لە گوندێکدا پیرەژن و پیرەمێردێك بەیەکەوە دەژیان و هیچ منداڵێکیان نەبوو بۆیە هەمیشە ماڵەکەیان بێ هەست و خوست بوو , رۆژێکیان پیرەمێرد بەڕێگایەکدا تێدەپەڕی , دەنگێکی سەیری هاتە گوێ , هەر لە دەنگی باڵەفڕکەی باڵندەیەك دەچوو , کاتێ بەرەو لای دەنگەکەچوو , قورینگێکی سپیی زۆر جوالنی بینی بە تەڵەیەکەوە گرفتار ببوو پیرە مێرد گوتی : ( قورینگی بەستەزمان من دەربازت دەکەم ) دواتر زۆر بە خێرایی کەوتەکارو قورینگەکەی ئازاد کرد , قورینگەکە پەروباڵی لێکداو بەرەو ئەسمان هەڵفڕی و چووە تاقی ئاسمان .

ئێوارە پیرەمێرد هاتە ماڵەوە لەکاتێکا کە بەسەرهاتی قورینگەکەی بۆ ژنەکەی دەگێڕایەوە , لە دەرگا درا , پیرەمێردو پیرەژن بە سەرسامییەوە تەماشای یەکتریان کرد , دەبێ کێ بێ بۆ سەردانیان هاتبێ !؟ پیرەژن لەپشت دەرگاوە پرسی : (کێیە؟ ) دەنگێکی منداڵانە گوتی دەکرێ دەرگا




بکەیتەوە ؟ ) پیرەژن دەرگای کردەوەو بەبینینی کچۆڵەیەکی جوان و دڵگیر سەری سوڕما , کچۆڵەکە گوتی : ( من لە تاریکیدا رێم ونکردووە تکایە رێگام بدەن ئەمشەو لە ماڵی ئێوە بمێنمەوە ) پیرەمێردو پیرەژن بە میوانداری کردنی میوانێکی ئاوا دڵخۆش بوون و کاتێکیش کچەکە پێی گوتن کە دایك و باوکی نیە داوایان لێکرد کە لای ئەوان بمێنێتەوەو ببێتە کچی ئەوان , کچەکەش بەمە رازی بوو و لە ماڵی ئەواندا مایەوە .

رۆژێکیان کچەکە رووی لە دایك و باوکی تازەی خۆی کردو گوتی : (ئەگەر بەڵێنم پێبدەن کە بەهیچ جۆرێك , تەنانەت یەك جاریش لەکاتی کارکردندا تەماشای من ناکەن , ئەوا من بە دەزگای جۆڵایی خۆم جلوبەرگێکی زۆرتان بۆ دەچنم تا بیبەنە بازاڕو بیفرۆشن )


لەوسا بەدواوە پیرەمێردو پیرەژن هەمیشە دەنگی دەزگای جۆڵایی کچەکەیان گوێ لێ دەبوو کە دەیگوت : (تۆن _ کا _ را _ دی _ تۆن _ کا _ را _ دی ) هەموو سەر لە بەیانییەکیش پارچە جلێکی چنراویان لێ وەردەگرت . کچۆڵەکە جوانترین جلوبەرگی دەچنی و خەڵکی گوندیش بە مەیلێکی زۆرەوە جلوبەرگەکانیشیان لە پیرەژن وپیرەمێرد دەکڕی .





رۆژێك پیرەژن ویستی لە رازی کچەکە تێبگات و لە دڵی خۆیدا گوتی : ( چۆن ئەم کچە بچکۆڵەیە دەتوانیْ ئەم جلو بەرگە جوانانە بچنیْو منیش کە سەرم سپی بووە ناتوانم ) بەهەرحاڵ رۆژێکیان پیرەژن ئارامیی لەبەر بڕاو لە کونی کلیلی دەرگاوە تەماشای ژووری کچەکەی کرد , دیمەنێکی چ سەرسوڕهێنەر بوو ! لەوێدا , لەپشت دەزگای جۆڵاییەکەوە قورینگێکی سپی و جوان دانیشتبوو , تووکە نەرم و ناسکەکانی خۆی لێدەکردەوەو جلوبەرگی پیْ دەچنی , پیرەژن لەسەرسامییان واقی وڕما , کە دەرگا کرایەوە کچەکە هاتە دەرەوەو گوتی : ( من هەمان ئەو قورینگەم کە پیرەمیْ رزگاری کردبوو , ئەو جلوبەرگانەی دەمچنین بەرامبەر بەو خۆشەویستیە بوو کە ئەو بە منی بەخشی , بەڵام ئێستا کە ئێوە بە رازی منتان زانی , چیتر ناتوانم لای ئێوە بمێنمەوە , تکایە سڵاوی من بەپیرەمێرد بگەیەنەو لە زمانی منەوە خواحافیزیی لێبکە ,

پیرەژن لە کردەوەی خۆی زۆر پەژیوان بۆوە , بە گریانەوە داوای لە کچەکە کرد کە بیبووریێت و لای ئەوان بمێنێتەوە بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو , کچەکە خۆی هێنابووە سەر شێوەی قورینگ و ئامادەی فڕین



بوو بۆ ئاسمان , پیرەژن بەگریانەوە لێی دەپاڕایەوە تاوەکو بتوانێ دڵی کچەکە نەرم بکات و لایان بمێنێتەوە , بەڵان بێ سوود بوو , قورینگی سپی باڵەکانی کردەوەو بەرەو ئاسمان فڕی .. پیرەژن بە لەخۆدان بەدوای قورینگەکەدا غاریدا , دوایئەوەی کە نائومێدبوو بۆ ماڵەوە گەڕایەوە .

سەرچاوە:

کتێبی ( دیوهای دماغ دراز ) , وەرگێڕانی بۆ فارسی : محمد رچا شمس





# جاڵجاڵۆکە دەبێتە شای دارستان

**( ئەفسانەیەکی ئەفریقیاییە )**

**رۆژێك جاڵجاڵۆکەیەك بڕیاریدا  بچێتە کەناری دەریاو هەندێك ماسی راو بکات , ئەو رۆژە لەوە دەچوو بەخت رووی لە جاڵجاڵۆکە کردبێ , چونکە ماسیەکان خۆیان بەروە لای ئەو هەڵمەتیان دەبرد  , جاڵجاڵۆکە ئەو رۆژە ئەوەندەی ماسی گرت  , کاتێ تەماشای دەوروبەری خۆی کرد  , بینی گردۆلکەیەك لە ماسی  لەدەوریدا کۆبۆتەوە  بە دڵخۆشیەوە بەخۆی گوت :**

**( تەنها ئەوە ماوە ئاگرێك داگیرسێنم )**

**بەخێرایی  چەند  پارچە  دارێکی  کۆکردەوەو  ئاگرێکی  داگیرساندو دەستی بە برژاندنی ماسییەکان کرد , ئێوە خۆتان دەزانن بۆنی ماسی جگە لەوەی کە زۆر خۆشە , زۆر بەخێراییش بەرەو دوور بڵاو دەبێتەوە  , بۆن رۆیشت و رۆیشت تا بەلوتی شێرێك گەیشت کە بەوناوەدا تێدەپەڕی , شێر هەڵوەستەیەکی کردو چەند جارێك بۆنەکەی هەڵمژی  , دواتر رووی بەرەو لای بۆنەکە وەرگێڕا  , کە گەیشتەلای جاڵجاڵۆکەکە  تازە**



دەیویست یەکەمین ماسی بخوات کە برژاندبووی , شێر بە تووڕەییەوە نەڕڕاندی و گوتی : ( ئەم ماسییەم بدەرێ )

جاڵجاڵۆکە لەترسان , بێئەوەی یەك وشەی لەدەم بێتە دەرەوە ماسییەکەی دایە شێرەکە , شێر لێوەکانی لەیەك خشاندو چاوەکانی کەمێك کزکردو گوتی : (بەتامە .. بەتامە ) دواتر لەتەك ئاگرەکە دانیشت و گوتی : ( هەر ئێستا چەند ماسییەکی دیکەم بۆ ببرژێنە ! ) جاڵجاڵۆکە نەیتوانی سەرپێچی لە فەرمانی شێری گەورەدا بکات , بەڵام دڵیشی نەدەهات ئەو ماسییانەی گرتبوونی هەرلەوێدا بەجێبێڵێت و رابکات هەر بۆیە بڕیاریدا تۆزێ دان بەخۆیدا بگرێت و چەند ماسییەکی دیکەش بداتە شێرەکە , بەو ئومێدەی کە لەوانەیە چەند ماسییەکیش بۆخۆی بمێنێتەوە , ئاخر ئەو لەو پێناوەدا گەلێك هیلاکیی چەشتبوو زۆریشی برسی بوو , شێری زۆردار بەناهەق ماسییەکانی هەڵدەلووشی و جاڵجاڵۆکەی بەستەزمانیش ناچاربوو بەردەوام بەملاو بەولادا بڕوات و دار کۆبکاتەوە .

جاڵجاڵۆکەی بەستەزمان ئەوەندە بەدیار ئاگرەکەوە وەستابوو و بەجۆرێك هیلاك ببوو خەریك بوو ئاگری تێبەربێ , ئەوکاتەش کە بینی لەو



هەموو ماسییە تەنها چەند دانەیەکی بچووك ماوەتەوە لەخەفەتان خەریکبوو شەق ببات لە نائومێدییا تنۆك تنۆك فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتەخوار , شێر بەبینینی فرمێسکەکانی ئەو لە قاقای پێکەنینیدا و کەوتە گاڵتە پێکردنی , جاڵجاڵۆکەش گوتی : ( قوربان ئەم تنۆکانە فرمێسك نین ,دوکەڵی ئەم ئاگرە چۆتە چاوم و ئاو لە چاوم دێنێت ) لەوکاتەدا کە وای دەگەت دوا دانەی ماسی دایە شێرو , شێریش بێ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بەسەری زمانەوە سوپاسێکی بکات ئەو دانەیەشی هەڵلووشی , لەو کاتەدا باڵندەیەکی کێوی بەسەریتندا باڵی لێکداو سێ جاران گوتی : (کوکێڕ .. کوکێڕ .. کوکێڕ) و تێپەڕی و لە چاوان بزربوو . جاڵجاڵۆکە گوتی : ( چی بەم باڵندەیە بڵێم ؟ ) تەنانەت چەند دەقیقەیەکیش لای من نەمایەوە , تا ئێستا هیچ کەسی وا بێ ئەدەب و ناهەقم نەدیوە , دڵنیام بچێتە هەر شوێنێك بە برادەرەکانی خۆی ناڵێت کە من ئەو خاڵە جوانانەم لەسەر پەڕوباڵەکانی نەخشاندووە .

شێر تەماشایەکی کردو گوتی : ( چیت گوت ؟ بەڕاستی ئەو خاڵە جوانانەی سەر پەڕوباڵی تۆبۆت نەخشاندووە ؟! ) جاڵجاڵۆکە وەڵامی



دایەوە : (بێگومان تۆش بەمە نازانیت ؟! )شێر بە وردی تەماشای تووکە سادە و قاوەییەکەی خۆی کردو گوتی : ( منیش حەزم تووکم خاڵ خاڵ بێت , دەتوانی تووکی منیش بگۆڕیت ؟ ) جاڵجاڵۆکە چاوەکانی داگرت و تەماشایەکی تووکی شێری کرد , دواتر بە دەنگێکی پڕ لە گومانەوە گوتی : ( کارێکی زەحمەتە ) شێر کەوتە پاڕانەوەو گوتی : ( تکایە رازی بە ) دواتر هەستایە سەر پێیان و گوتی : ( من خۆم هەموو کارە زەحمەتەکان ئەنجام دەدەم , تۆ تەنها پێم بڵێ پێویستە چی بکەم ! )

جاڵجاڵۆکە لەبەر ئەوەی توانیبووی شێر فریو بدات لە دڵەوە پێکەنینی هات بەڵام خۆی مکوڕتر نیشانداو گوتی : ( بۆ ئەم کارە پێویستیم بە دووشتە , گایەکی کێوی و درەختێکی گەورەو بەهێز ) شێر گوتی یەکەمیانت بە خێرایی بۆ دێنم , دواتر هەڵسایە سەرپێ‌و رۆیشت .. لە لەوەڕگاکان ئاودیو بوو .. ماوەیەکی زۆر بەسەر رۆیشتنی شێدا تێپەڕی , جاڵجاڵۆکە خەریك بوو خەو بەسەریدا بباریێ , شێرەکەی لەدوورەوە بینی لاشەی گاکێوییەکی بەدوای خۆیدا رادەکێشاو دەیهێنا .





جاڵجاڵۆکە گوتی : ( زۆر باشە ئێستا پێویستە گاکە کەوڵ بکەی , چونکە من پێویستیم بەچەند سیرمەیەکی پێستی گا هەیە بۆئەوەی بتوانم تووکی تۆ وەك پەڕو باڵی ئەو باڵندە جوانە بڕازێنمەوە . شێر کە بەهیچ جۆرێ گومانی لە قسەکانی جاڵجاڵۆکە نەکردبوو , لەماوەی چاو ترووکانێکدا گاکەی کەوڵکردو پێستەکەی بەشێوەی چەند سیرمەیەکی پان بڕی , کاتێ کارەکە تەواو بوو جاڵجاڵۆکە گوتی : ( زۆر باشە تۆ کارێکی زۆر چاکت کرد , بۆیە من واهەست دەکەم کە خاڵەکانی تۆ زۆر لە خاڵەکانی ئەو باڵندە کێوییە جوانتر دەبێ ) شێر بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە گوتی : ( بلێ , ئێستا دەبێ چی بکەم ؟! ) جاڵجاڵۆکە گوتی : ( ئێستا دەبێ گەورەترین درەخت لە دارستاندا بدۆزیتەوە , کاتێ درەختێکی گەورەو بەهێزت دۆزییەوە , بەغار بەرەو ڕووی بڕۆو بە تووندی سینگت پێیدا بکێشە ، ئەگەر درەختەکە راهەژا وازی لێبێنە چونکە وادیارە رەگەکانی لاوازن ، تۆ دەبێ درەختێك بدۆزیتەوە کە سینگت پێیدا کێشا ، وەك شاخ لە جێگای‌خۆی نەجوولێ ! )





شێر چەندین درەختی تاقی کردەوە ، بەمەش چەندین جێگا لەلەشیدا شین و مۆر هەڵگەڕا ، بەڵام دواجار درەختێکی دۆزیەوە ، کاتێ خۆی پێدا کێشا قەدە ئەستوورەکەی بەهیچ جۆرێك نەجوولا ، جاڵجاڵۆکە گوتی : ( ئەم درەختە بۆ کاری من گونجاوە ) دواتر گوتی : ( ئێستا بڕۆ سیرمەکان و لاشەی گاکێوییەکە بێنە )

لەو ماوەیەدا جاڵجاڵۆکە چەند پارچە دارێکی بۆ داگیرساندنی ئاگر کۆکردەوە ، دواتریش شێر بۆ برژاندنی گاکێوی ئاگردانێکی دروستکرد ، جاڵجاڵۆکە گوتی : جاڵجاڵۆکە گوتی : ( ئێستا گەیشتینە سەختترین بەشی کارەکەمان ! ئێستنا کاتی ئەوەیە تۆ لەپاڵ درەختەکە درێژبیت بۆئەوەی بە توندی پێیەوە بتبەستمەوە ، ئەوەش بزانە کە هەرچەندە ەتوندتر بتبەستمەوە خاڵەکانی لەشت جوانتر دەبن )

شێری بێ عەقڵ لەسەر زەوی راکشاو جاڵجاڵۆکەبە سیرمەکان بە توندی بە درەختەکەی بەستایەوە بەجۆری کە بە زەحمەت دەیتوانی بجولێتەوە , بەڵام شێرەکە بەردەوام بە جاڵجاڵۆکەی دەگوت : ( ئێرەت بە توندی نەبەستاوە .. ئەویێ توندتر ببەستە .. هێشتا دەتوانم پای دواوەم بجولێنم





.. پێویستە  ئەویٚ توندتر ببەستی  ) جاڵجاڵۆكەش بە سەراسیمەییەوە كارەكەی تەواوكرد ، تا ئەوكاتەی شێر گوتی : (زۆر باشە , كەس ناتوانیٚ لەمە توندتر بمبەستێتەوە ) دواتر گوتی : ( باشە .. ئێستا وا باشە دەست بە كوتینی خاڵەكان بكەیت و دوایی هەرچی زووترە بمكەیتەوە ، چونكە نامەویٚ كاتێكی زۆر بەم حاڵەوە بمێنمەوە . جاڵجاڵۆكەگوتی : ( جەنابی شێر هەرچی تۆ دەفەرمووی بەسەرچاو ) دواتر چەند شیشێكی خستە سەر ئاگرەكەوە ، كە شیشەكان بەتەواوی سووربوونەوە ، هەڵیكرتن و بەرەو لای شێر هەڵمەتی بردو شیشە داخبووەكانی لە پێستی شێرەكە دەچەقاندو دەیگوت : ( ئەمە بۆ ماسیی یەكەم كە بەزۆر لێت سەندم .. ئەمە بۆ ماسیی دووەم كە خواردت .. ئەمە بۆ ماسییە قەڵوەكەی كە لە دەستمت رفاندو خواردت .. ئەمەش بۆ ئەو ماسییەی لێت دزیم ، هەرشیشێكی داخبوو كە بە لەشی شێرەوەی دەنا ناڵەو هاواری لێهەڵدەستاند..

جاڵجاڵۆكەگوتی : ( ئەگەر بیر لەوە بكەیتەوە كە من ئازادت دەكەم بەهەڵەداچووی ، تۆ دەبیٚ لێرە بمێنیتەوە هەتا دەمری ) شێر تووڕە ببوو



، بەڵام هەرچەند هەوڵی دەداو خۆی دەهێناو دەبرد نەیدەتوانی گرێیەکان بکاتەوە ، جاڵجاڵۆکە کاتیٚ ویستی شێر زیاتر تووڕە بکات هەموو کەسانی خێزانەکەی خۆی بانگ کردو داوای لێکردن لە دەورەی ئاگرەکە دابنیشن و ئەو گاکێوییەی کە بەتەواوی برژابوو بیخۆن ، پاش خواردنی گاکە جاڵجاڵۆکە لەگەڵ خاو خێزانەکەی چوونەوە ماڵەوەو شێرەکەیان لەویٚ بەجێهێشت ، چەند شەو و چەند رۆژ تێپەڕی شێر هەر لەویٚ مایەوە ، لە دوایین رۆژدا مێروولەیەکی بچکۆلەی سپی بەوێدا هات ، کە بۆ پەیداکردنی خواردن بەلای گەڵا وشکەکاندا تێدەپەڕی ، شێر کە مێروولەکەی بینی کەوتە پاڕانەوەو گوتی : ( تکایە یارمەتیم بدە ، مێروولەی بچکۆڵەی میهرەبان ، یارمەتیم بدە ) مێروولە گوتی : ( گیانەوەرێی وەك من بچووك ، دەتوانیٚ چ کارێك بۆ گیاندارێکی گەورەی ەەك تۆ ئەنجام بدات ؟ ) شێر بە پاڕانەوەوە گوتی : ( تۆ شەویلاکی بەهێزت هەیەو دەتوانی لە ماوەیەکی کەمدا ئەم سیرمانە بکرتێنی ، ئەوە چەند رۆژە من دەستەپاچە بەم حاڵەوە بەند کراوم ، خەریکە لە برسان بمرم ) مێروولە ساتێك بیری کردەوەو گوتی : ( ئەگەر ئەوەندە برسی بیت ، کەواتە دڵنیام پاش ئازادبوون یەکسەر من



دەخۆی ! ) شێر گوتی : ( نا .. تۆ وادەزانی من بە خراپە پاداشتی میهرەبانیی تۆ دەدەمەوە!؟ ) مێروولە گوتی : ( بەڵێ ئەگەر بتوانی کاری وابکەی ، بەڵام من ئازادت دەکەم )

مێروولە دەستی بە کرتاندنی سیرمەکان کردو شێری ئازادکرد ، شێر کە هەموو لەشی سڕببوو ، بە هێمنی جولایەوەو قاچەکانی لێك کێشایەوە ، تا بتوانێت لەسەرپێ بوەستێ ، ئەوەندە برسی بوو ویستی مێروولەکە بخوات ، بەڵام مێروولەی وریا ماوەیەك بوو هەڵاتبوو .

دوای چەند رۆژێك شێر هاتەوە سەرخۆی و توانی چەند نێچیرێکی بچووك راو بکات و بخوات ، بڕیاریدا جاڵجاڵۆکە بدۆزێتەوەو باش تەمێی بکات ، لەدڵی خۆیدا گوتی : ( دەبێ ئەم جاڵجاڵۆکەیە لەکوێ بێت ؟ ئەگەر ئەو چەپەڵم دەسکەوێت یەکسەر رۆحی دەکێشم ) دواتر بەرەو لای دارستان رۆیشت .. بەلای هەرکەسێکا تێدەپەڕی بەدەنگێکی بڵند لە سۆراخی جاڵجاڵۆکەی دەپرسی .. تا تا لەدوورەوە چاوی بە ئاسکێکی لەڕولاواز کەوت ، هاواری کردو لێی پرسی : (جاڵجاڵۆکەت لەم ناوە نەدیوە ؟ هەق و حسابێکم لایەتی دەمەوێ لەگەڵی ساغ بکەمەوە



)ئاسکەکە گوتی : ( بڕوا بکە نەمدیوە ، ئەگەر لەجێگایەکیش بیبینم لەترسی ئەو بەدکردارە خۆم لە سوچێك دەشارمەوە ) شێر گوتی : ( مەبەستت ئەوەیە تۆ لەم جاڵجاڵۆکە بچووکە دەترسی ؟! )

ئاسکەکە گوتی : ( نابینی چەند لەڕولاوازم و بوومەتە ئێسك و پێست ؟ ئەم بەڵایە جاڵجاڵۆکە بەسەرمنی هێناوە .. ڕۆژێکیان دەمەقاڵەیەکم لەگەڵی کردو ئەویش پەنجەی بەرەو لای من وەرسووڕاندو دوعایەکی خوێند ، ئیتر کتوپڕ ئاوا لەڕو سیس هەڵگەڕام .

شێر گوتی : ( شتی وا چۆن دەبیٚ !!؟ )

ئاسك لە وەڵامدا گوتی : ( ئەگەر کەسێك جاڵجاڵۆکە توڕە بکات ، ئەو دەستی لیٚ ناوەشێنیٚ .. تەنها دەستی بەرەو لای ئەو بڵند دەکات .. ئیتر ئەو گیاندارە هەرکەسێك بێت وەك من لەڕولاواز دەبێت )

شێر ترسی لیٚ نیشت ، ئەو لەو باوەڕەدا نەبوو کە جاڵجاڵۆکە ئەوەندە بەتوانا بێت ، هەربۆیە ڕووی لە ئاسکەکە کردو گوتی : ( کەواتە تکات لیٚ دەکەم هیچ شتێك بە جاڵجاڵۆکە مەڵیٚ دەربارەی ئەوەی کە من بەدوایدا دەگەڕێم .. لێت دەپاڕێمەوە لەمبارەیەوە یەك وشەشی بۆ باس نەکەی )



دواتر بە خێرایی لەوێ دوورکەوتەوە . بەڵام ئەو ئاسکەی قسەی لەگەڵ شێر دەکرد هەمان جاڵجاڵۆکە بوو چووبووە ناو کەوڵی ئاسکێکی مردووەوەو قسەی لەگەڵ شێر دەکرد . کاتێ کە شێر ڕۆیشت جاڵجاڵۆکە کەوڵەکەی داکەندو دەستی بە پێکەنین کرد ، دواتر یەکسەر چووەلای شێرەکەو گوتی : ( بیستوومە بەدوای مندا دەگەڕای ، چ کارێکت پێم هەبوو ؟ )

شێر خۆی لەسەر زەوی تەخت کردو کەوتە بەرپێی جاڵجاڵۆکەوە ، دەستی بە پاڕانەوەکردو گوتی : ( نا .. نا .. ئاه نا .. درۆیان لەگەڵ کردووی ، منبەدوای ئێوەدا نەگەڕاوم )

جاڵجاڵۆکە گوتی : ( هیوادارم هەروابێ ، چونکە ئەگەر بزانم تۆ بەدوامدا دەگەڕێی ، کارێکی وادەکەم وەك سەرجەم کارەکانی دیکەت لێی پەژیوان ببیتەوە ، باشترە ئەوەش بزانی کە سەرۆکی دارستان منم و پێویستە هەموو گیانداران گوێڕایەڵی من بن ، وا باشە زۆر بەچاکی ئەمە لەگوێ بگریت .




شێر لە ترسان بە هەلاتن بۆی دەرچوو ، لەو رۆژە بەدواوە جاڵجاڵۆکە بووە شای دارستان و کەس زاتی ئەوەی نەکرد سەرپێچی لە فەرمانەکانی بکات .

سەرچاوە :

کتێبی (جنگ پهلوان و غول ) وەرگێڕانی بۆ فارسی رچوان دزفولی






# چۆلەکەی زمان بڕاو

( ئەفسانەیەکی ژاپۆنییە )

لە رۆژگارێکی زۆر کۆندا ، پیرەمێدێك هەبوو ژنێکی زۆر ناڕەسەن و بەدخووی هەبوو ، هیچ منداڵیشیان نەبوو ، هەربۆیە پیرەمێرد لەباتی منداڵ چۆلەکەیەکی بچکۆلەو جوانی بەخێو دەکرد ، چۆلەکەکەی زۆر خۆشدەویست و دلن و ئاوی پێدەداو جێگاکەی پاك دەکردەوەو تەنانەت قسەشی لەگەڵدا دەکرد . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پیرەژن حەسوودی بە چۆلەکەکە ببات ، پیرەژن کە بایەخی بە هیچ شت و هیچ کەسێك نە دەدا ، هەوڵی دەدا ئازاری چۆلەکە بەستەزمانەکە بدات ، هەمیشە مێردەکەشی سەرکۆنە دەکرد لەسەر ئەوەی کە بۆچی رووی خۆی دەداتە ئەم چۆلەکە زۆر بلێیە .

لەکاتێکا کە پیرەمێرد لەماڵ نەبوایە و کە پیرەژن بەکاری شۆردنەوە خەریك دەبوو ، چۆلەکەکە دەکەوتە رۆژێکی رەشەوە .. چونکە پیرەژن کەفی سابوونی بە دەموچاوی دادەکردو داخی دڵی خۆی بە چۆلەکەکە






دەردەکرد ، چونکە پیرەژن رقی لە کاری قورس بوو ، بەتایبەتیش شۆردنی جلوبەرگ .

رۆژێك لەرۆژان پیرەمێرد ویستی بچێتەشار بۆ بۆ کڕینی پێویستییەکانی ماڵ ، لەکاتی رۆیشتنندا داوای لە ژنەکەی کرد کە ئاگای لە چۆلەکەکە بێت ، ژنەکەشی بەڵێنی پێدا کە ئاگاداری بێت . پیرەمێرد بۆشار رۆیشت و ئەمەش دەرفەتێکی لەباربوو بۆپیرەژن تا چۆلەکەکە لەکۆڵخۆی بکاتەوە!! دەستی دایە مقەسێك و چووە لای قەفەزی چۆلەکەکەو دەرگای کردەوەو چۆلەکەکەی هێنایە دەرەوە ، چۆلەکەکە کەوتە باڵەفرکە بۆئەوەی خۆی دەرباز بکات بەڵام بێ سوودبوو ، هیچ دەرفەتێکی بۆ هەڵاتن دەست نەکەوت ، پیرەژن بە مقەسەکە زمانی چۆلەکەکەی بڕی و هەڵیدایە ئاسمان و گوتی : ( برۆ گومبە چۆلەکەی رەزا گران .. برۆ چیتر چرۆچاوت نەبینم )


چۆلەکەی بەستەزمان بەناچاری فڕیو بۆ دارستان رۆیشت ، کە ئێوارە داهات ، پیرەمێرد بۆ ماڵەوزە گەڕایەوەو بە دڵێکی سافەوە بۆلای قەفەزەکە چوو ، قەفەزەکە بەتاڵ بوو ، دڵی داخورپاو چاوی پڕ لە فرمێسك بوو ، بەملاو بەولای ژوورەکەیدا ڕوانی بەڵکو بەڵکو چۆلەکەکە بدۆزێتەوە ، بەڵام





هیچ سەرو سۆراخێکی نەبوو ، ناچار هەواڵی چۆلەکەکەی لە پرەژن پرسی ، پیرەژنیش شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی : ( چوزانم چۆتە کوێ !! من خەریکی ئیشوکار بووم ، چاوم بە قەفەزەکە کەوت بینیم دەرگای کراوەتەوە ، دیارە لە قەفەزەکە رایکردووە ) پیرەمێرد خەم دایگرت و نەیتوانی لە ماڵدا بمێنێتەوە ، بۆیە گوتی وا من بەدوایدا دەڕۆم و تا نەیدۆزمەوە هەرگیز پێ نانێمەوە ئەم ماڵە ، پیرەژن هەرچەندی کرد نەیتوانی رێ لە رۆیشتنی ئەو بگرێ ، پیرەنێرد رێگای دارستانی گرتەبەر ، هەر دەڕۆیشت و هاواری دەکرد: ( چۆلەکەی من ، چۆلەکە بچکۆلەکەی من ، ئازیزی من ، دڵبەندی من ، لەکوێی ؟ بۆچی بە تەنیا جێت هێشتم؟!


لەو کاتەدا ژنێکی زۆر جوان لەبەر چاوانی پیرەمێرد بەدیارکەوت پیرەمێرد بەسەرسامییەوە پرسی : ( تۆ کێی ؟!) ژنەجوانەکە پێکەنیو گوتی : ( هاوڕێی ئازیزم ئێستا نامناسی ؟ من هەمان چۆلەکە بچکۆلەکەی تۆم ) پیرەمێرد تەماشایەکی سەروسیمای ژنەکەی کردو هەستیکرد بەباشی دەیناسێت ، پێی گوت : ( بۆچی لای من رۆیشتی ؟ بۆچی منت



بەتەنیا جێهێشت ؟ ) ژنەکە گوتی : ( ئەمە چیرۆکێکی درێژەو لەکاتی خۆیدا بۆت دەگێڕمەوە ، جاری وەرە ماڵەکەم و تۆزێ پشووبدە )

ژنەجوانەکە ئەمەی گوت و ککەوتەڕێ ، پیرەمێردیش بەدوایدا رۆیشت تا گەیشتنە خانووێکی زۆر جوان ، کە چوونەژوورەوە خوشکەکانی چۆلەکەکە هاتنە پێشوازییان و بەگەرمی بەخێرهاتنیان کرد ، هەموو جۆرە خواردنێکیان بۆی هێنا ، جۆرەها خۆشاوی میوەیان دایەو دانیشتنەکەیان ئەوەندە خوش بوو بەجۆرێك کە پیرەمێرد ئاگای لەخۆرئاوابوونیش نەما ، کاتێك بەخۆی زانی بەشێکی شەو تێپەڕیبوو ، تاریکی هەموو جێگایەکی داپۆشیبوو پیرەمێرد هەستایە سەرپێ‌و گوتی : ( من دەبێ بڕۆم ، ئێستا ژنەکەم نیگەران دەبێ ) چۆلەکەکە داوای لە پیرەمێرد کرد کە زیاتر لایان بمێنێتەوە ، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد ، چۆلەکەکە گوتی : ( مادام نامێنیتەوە رێگام پێبدە کەمێك دیاریت پێبدەم بۆ ماڵەوەی ببەیتەوە ) ئەمەی گەت و رۆیشت ، بو دوو بوخچەوە هاتەوە ، یەکێك لەبوخچەکان گەورەو گران بوو ، ئەوی دیکە بچووك و سوکەڵە بوو . چۆلەکەکە بە پیرەمێردی گوت : ( دەمەوێ خۆت هەڵبژێریت ، کامەیانت دەوێت هەڵیگرە )






پیرەمێرد کە نەیدەویست بیکاتە چاوچنۆکی بوخچە بچووکەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ کەوتەڕێ ، کە گەیشتە ماڵەوە هەرچی بینیبووی وردودرشتی بۆ پیرەژن گێڕایەوە ، دواتر بوخچەکەی لەبەردەم پیرەژن کردەوە ، بوخچەکە پڕبوو لەشتی گرانبەها ، زێڕو زیو ، ئەڵماس و یاقووت و جۆرەها مەرجان ، زێڕو گەوهەرەکان ئەوەندە زۆر بوون کە دەیانتوانی هەموو تەمەنی خۆیان بە خۆشگوزەرانییەوە پێ بژین ، بەڵام پیرەژنی چاوچنۆك بەسەر پیرەمێردا هاواری کردو گوتی : ( هەی گەمژە .. بۆچی بوخچە گەورەترەکەت هەڵنەبژارد؟ ئەگەر ئەویانت هەڵبگرتایە ئێستا ئێمە زۆر دەوڵەمەند دەبووین ، تۆ بێ عەقڵیت کرد میردە ئازیزەکەم ، ئێستا من دەچمە ماڵی چۆلەکەکەو هەرچۆنێك بێ ئەو بوخچە گەورەیە بەدەست دێنم )

پیرەمێرد داوای لە پیرەژن کرد کە واز لەو تەماعکارییە بێنێت و بیری ڕۆیشتن لە مێشکی خۆی دەربکات ، بەڵام بێ سوودبوو ، پیرەژن بە هەشتاوییەوە بەرەو ماڵی چۆلەکەکە کەوتەڕێ ، کە گەیشتە ئەوێ خۆی زۆر بە مەغدوورو لێقەوماو نیشانداو سەرو ڕوخساری ژنە جوانەکەی






نوقمی ماچان کردو داوایکرد لیّی ببووریّت ، ژنەکە بردییە ژوورەوەو داوای لە خوشکوکانی کرد بەباشی پیّشوازی لە پیرەژن بکەن ، ئەوانیش جۆرەها خواردن و خۆشاوی میوەیان بۆ پیرەژن هیّنا ، دواجار لەکاتی رۆیشتن چۆلەکەکە چوو دوو بوخچەی هیّناو بە پیرەژنی گوت : ( هەڵبژیّرە ، هەرکامەی کە دەتەویّ هەڵیگرەو بیبەوە بۆماڵەوە ) پیرەژن بیّ هیچ بیرکردنەوەیەك بوخچە گەورەکەی هەڵگرت و خستیە سەر سەری خۆی و بە خیّرایی لە ماڵی چۆلەکەکە هاتە دەرەوە ، بوخچەکە زۆر گران بوو بەڵام پیرەژن بە هەزار زەحمەت و هیلاکی گەیاندیە ماڵەوە ، پیرەمیّرد کە نیگەران ببوو گوتی : ( دواجار هاتیتەوە ) پیرژن قاقا پیّکەنی و گوتی : ( بینیت ؟ بینیت میّردە بیّ عەقڵەکەم ؟ بینیت کە ئەو بوخچە گەورەیەم بەدەست هیّنا ) ، دواتر یەکسەر دەرکی بوخچەکەی کردەوە ، بەڵام دەزانن چی بینی ؟ ..

پیرەژن لەترسان کەوتە سەر زەویو دەستیکرد بە دەست و پیّ کوتان ، کاتیّ پیرەژن بوخچەکەی کردەوە جۆرەها گیانداری دڕندە کە دەنگی ترسناکیان لیّدەهات هەڵمەتیان بۆ برد ، میّشەنگوینی چەقاوەسووش بە وززەوز لە ژوورەکەدا دەفڕیو بەردەوام چزووی لە پیرەژن گیردەکرد ،






پیرەمێرد واقی وڕمابوو ، نەیدەزانی چی بکات ، نەیدەزانی پێبکەنێ یان بگریەت ، پیرەژنیش لەسەر زەوی کەوتبوو بەردەوام لەپیرەمێرد دەپاڕایەوە کە یارمەتیی بدات ، بارودۆخێکی سەیر بوو ، گورگ دەیلوراند ، مێشەنگوین وززەوزی بوو ، گیاندارانی تریش دەنگ و ڕەنگی سەر سوڕهێنەریان هەبوو ، پیرەمێرد تکای لە هەموویان کرد کە واز لە پیرەژن بێنن و بەم حاڵەوە بەجێی بێڵن هەرهەموویان قسەی پیرەمێردیان لەگوێ گرت و یەکسەر هەموو چوونەوە ناو بوخچەکەو دەرکی بوخچەکەش بەسترایەوە ، پیرەمێرد ڕووی لە پیرەژن کردو گوتی : ( ئەمە دەرسێك بوو بۆتۆ تا چیتر وا تەماعکار نەبیت و هەوڵیش بدەی لەگەڵ باڵندان میهرەبان بیت ، ئاخر ئەم چۆلەکە بچکۆلەیە چی کردبوو کە زمانیت بڕی ؟

پیرەژن لەشەرمەزارییا سەری دانەواندو گوتی : ( بەڵێن دەدەم ، بەڵێن دەدەم کە چیتر تەماعکار نەبم ، بەڵێن دەدەم لەگەڵ هەموو باڵندەیەك میهرەبان بم ، هیچ گیانداریێك ئازار نەدەم ، لەوساوە پیرەژن بووە هاوڕێی





باڵندەکان وله بەشینی خواردن و دان بەباڵندەکانیش دەستیکرد به هاوکاری کردنی مێردەکەی .

سەرچاوە :

کتێبی ( دیوهای دماغ دراز) ) وەرگێڕانی بۆ فارسی : محمد رچا شمس



# جوتیارێکی فرپیو



لە یەکێك لە گوندەکانی ژاپۆن پیرەمێردێك هەبوو ناوی ( تارۆ ) بوو , گۆماوێکی گەورە لەنزیك ماڵەکەی هەبوو ، هەموو رۆژێك مراوی کێوی بۆ پشوودان دەهلتنە ئەویٚ ، ( تارۆ ) داوێکی لە پەت دروستکردبوو ، هەر رۆژە مراوییەکی پیٚ راو دەکردو دواتر دەیبردە بازارِو دەیفرۆشت .

(تارۆ ) زۆر چاوبرسی بوو ، هەر بۆیە حەزی نەدەکرد هیچ مراوییەك بتوانێت لە داوەکەی ئەو رزگاری ببیٚ ، شەوێك دانیشتبوو اەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە ( نابیٚ من بەم هەموو کاتە تەنها یەك مراوی راو بکەم ، ئەوەندە بەس نییە ، دەبیٚ کارێکی وا بکەم رۆژانە مراویی زیاتر بکەونە داوەکەمەوە ) ئەو شەوە پیرەمێردی چاوبرسیتا بەیانی نەنوست ، هەر بیری دەکردەوەو پیلانی دادەنا ، بەیانی زوو لەژوورەکەی هاتە دەرەوە ، دەستی بەدروستکردنی داوێکی تازە کرد ، داوێکی گەورەو تۆکمەتر تا بتوانێت مراوی زیاتر راو بکات ، ( تارۆ ) کە داوەکەی دروستکرد چوە



ڕۆخ گۆماوەکەو داوەکەی ڕاخست ، خۆیشی لە پەنا درەختێکا حەشاردا ، ئەوەندەی نەبرد پۆلە مراوییەك بە باڵ لێکدان لە ئاسمان دەرکەوتن ، دڵی تارۆی چاوبرسی کەوتە کوتەکوت :

– وەرنە خوارێ باڵندە بچکۆڵەکان .. وەرن ئازیزەکانم .. وەرنە ناو ئەو داوە جوانەی بۆم دروستکردوون .

باڵندەکان گۆماوەکەیان بینی ، دابەزین و کەوتنە داوەکەی تارۆوە ( بوغ بوغ بوغ ) دەنگ و هەرای مراوییەکان بەرز بۆوە ، تارۆ تێگەیشت کە ئیتر کاریان لەکار ترازاوە لەپەنا درەختەکە هاتە دەرو لەو هەموو مراوییە سەری سوڕما ! و نەیدەتوانی باوەڕ بکا ، لە خۆشییان چەند جارێك هەڵپەڕی و هاواری کرد : ( گیان .. گیان ، تەماشا چەند داتەمراویم لە داوێ خستووە ، بەمە دەڵێن داوی تەواو ، ئافەرین تارۆ )

باڵندەکان لە دەنگ و هەرای تترۆ هاتنەوە سەرەخۆ ، بوغەبوغێکیان کردو پەڕوباڵیان لێکدا ، بەڵام خۆیان لەناو داوەکەدا گرفتار بینی . تارۆ کە لەخۆشییان هەڵدەبەزیو دادەبەزی ، لەپڕێکا لەشوێنی خۆیدا وشك بوو ، هێشتا باوەڕی بەو شتە نەدەکرد کە بە چاوی خۆی دەیبینی ، باڵندەکان



لەناکاودا لە شوێنی خۆیان بڵند بوون و تارۆی پیر دەستی بەربوو ، بەدوای داو و باڵندەکاندا غاریداو هاواری کرد : ( ئەهای .. بۆ کویٚ دەڕۆن ؟ سەبر بگرن .. سەبر ) بەڵام باڵندەکان گوێیان نەدایەو تارۆش غاریداو توانی دەستی بگەیەنێتە داوێنی داوەکەو بیگرێت .. باڵندەکان هەموو هێزی خۆیان کۆکردەوەو تارۆ و داوەکەیان بردە ئاسمان ، تارۆ پێی لە زەوی بۆوە بەڵام ئەوەندە چاوبرسی بوو دڵی نەدەهات باڵندەکان لەدەست بدات ،بۆیە خۆی بە پەتەکەوە گرت و بە داوەکەوە فڕییە ئاسمان .



مراوییەکان دەفڕین و بەسەر دەشت و کێوەکاندا تێدەپەڕین و بەسەر گوندێکی نائاشنادا تێپەڕین . تارۆ بورجێکی بڵندی بینی ، لەدڵی خۆیدا وای بەچاك زانی واز لە قازانجی باڵندەکان بێنێت و گیانی خۆی رزگار بکات ، ئەوەبوو پەتەکەی بەرداو خۆی خستە سەر بورجەکەوە ، دواتر بە توندی منارەی بورجەکەی گرت و بەمجۆرە بە منارەکەوە چەسپیبوو و هاواری دەکرد : ( ئەهای بمگەنیٚ .. یەکێك بێت رزگارم بکات ) ئەوەندەی نەبرد خەڵکێکی زۆر لەداوێنی بورجەکەوە کۆ بوونەوەو هەموو سەریان



سورمابوو و لەیەکتریان دەپرسی : ( دەبێ ئەمە کێ بێ ؟ ! چۆن گەیشتۆتە ئەم جێگایە !!--------------------------------------

----------------------------------------------

---------------------------- بینیتان چۆن مراوییەکان خەریك بوون لەگەڵ خۆیان بیبەن ؟! ئێستا چۆن بتوانین بە سەلامەتی بیهێنینە خوارەوە ! ) ئەوان هەر بیریان لەمە دەکردەوە ، دواجار بڕیاریاندا قوماشێکی زۆر گەورە ئامادە بکەن وبیبەنە ژێر بورجەکەوە وچەند کەسێکیش لەدوورەوە بە توندی بیگرن بۆئەوەی تارۆ بتوانێ خۆی هەڵبداتە سەری ، کارەکەیان ئەنجامداو پارچە قوماشێکی گەورەیان بۆ بەر پێی تارۆ راخست و هەموو هاواریان کرد : ( بازدە خوارێ .. بازدە سەر ئەم پارچە قوماشە ) تارۆ کە تەماشای داوێن بورجەکەی کرد لە ترسان چۆکی کەوتە لەرزین، جارێکی تریش دەنگی خەڵك بەرز بۆوە : ( بازدە خوارێ .. مەترسە .. چاوەکانت بنوقێنەو بازدە ، هیچ نابێ ) تارۆ چاوەکانی نوقاندو دەستی بەردا ، بەختی هەبوو رێك کەوتە سەر پارچە قوماشەکەوە ، بەڵام لەبەر گرانی تارۆ ئەو کەسانەی پارچەکەیان گرتبوو چۆیان بۆ نەگیراو



هەموویان بەربوونەوە و سەرو کەللەیان بەیەکتر کەوت ڕمب ڕمب ڕمب دەنگی بەریەککەوتنی سەریان هات ، رێك لەگەڵ دوا رمبەو دوا سەر لێکداندا تارۆ هاتەوە سەر خۆی و چاوەکانی کردەوە ، ئێوە بیر لەچی دەکەنەوە ؟ پێتان وایە تارۆی چاوبرسی چی بەسەر هاتبوو ؟! هیچ باوەڕ ناکەن ؟ باوەڕ بکەن ئەو ساغ و سەلامەت لەناو نوێنەکەی دانیشتبوو ، ئەو هەموو فڕینە ترسناکەی لە خەوندا بینیبوو ، بەڵام هەرچۆنێك بێ تارۆ وازی لەو چاو برسێتییەی خۆی هێناو ئیتر نەیویست زیاد لە پێویست باڵندە راو بکات .





# کیسەڵ و مارمیلۆك



هەموو ئەو خوێیەی کە کیسەڵ لەماڵەوەیدا هەیبوو تەواو ببوو ، ئیتر خواردنیان بێ تاموچێژ ببوو ، هەربۆیە چووە ماڵی براکەیو هەنجێ چوێی بەقەرز لێ وەرگرت. لکاتی گەڕانەوەیدا برای کیسەڵ پرسی: (دەتەوێ بە چ شێوەیەك خوێیەکە ببەیتەوە بۆماڵ ؟ ) کیسەڵ لە وەڵامدا گوتی : ( ئەگەر لەناو پەلکەدارێکدا بیپێچیت و پەتێکی لێ گرێبدەی ، پەتەکە دەخەمە سەرشانم و بەدوای خۆندا بەسەر زەویدا رایدەکێشم .

کیسەڵ و براکەی خوێیەکەیان بەستاو لەکاتێکا کە کیسەڵ بارەکەی بە خڕەخڕ بەسەر زەویدا رادەکێشا هێدی هێدی بەرەو ماڵ کەوتەڕێ ، لەپڕێکا هەستیکرد کە بارەکەی زۆر گران بووەو ئیتر ناتوانێ رایبکێشێت ، کە رووی خۆی وەرسوڕاند بینی مارمیلۆکێکی زل لەسەر بارە خوێکە دانیشتووەو تەماشای دەکات .

کیسەڵ گوتی : ( لەسەر بارەکەم هەڵسە ، نابینی کە ناتوانم ئەم هەموو بارە رابکێشم ؟! )





مارمیلۆك گوتی : ( ئەم بارە هیٖتۆ نیە ، من کاتیٚ بەرێدا دەڕۆیشتم لەسەر زەوی دۆزیمەوە ، ماڵی خۆمە! )

کیسەڵ گوتی : ( وا دەبینی پەتێك بە دەورەی بارەکەدا پێچراوەو لەدەستی من دایە )

مارمیلۆك بیٚئەوەی گویٚ بەقسەکانی کیسەڵ بدات گوتی : ( لەسەر بارەکە هەڵناستم ، مەگەر بەوە رازی بیت پێکەو بچینە لای کوێای گوند تا داوەری نێوانمان بکات ) کیسەڵی بەستەزمان بە ناچاری رازی بوو بەوەی کە لەگەڵی بڕوات . سەرەتا کیسەل باسی بەسەرهاتەکەی کردو گوتی : ( من هەمیشە لەبەر کورتی دەست و پێیەکانم ناچارم هەر بارێك کە هەبیٚ بەدوای خۆمدا بەسەر زەویدا رایکێشم ) دواتر نۆرەی مارمیلۆك هات ، ئەو وای نیشاندا کە ئەم بارەی لەسەر زەوی دۆزیوەتەوە دواتر گوتی : ( هەرکەسێك ، هەرشتێك لەسەر زەوی بدۆزێتەوە ماڵی خۆی نییە؟ ) کوێخای گوند کێشەکەیانی تۆزێك هەڵسەنگاند . زۆربەی ئەو کەسانەش کە لە دادگا بوون کەسوکاری مارمیلۆك بوون ، ئەوان لای خۆیان وایان بە خەیاڵداهات کە ئەگەر بڕیار بدەن بارەکە بکەن بە دوو بەش ، رەنگە





مارمیلۆك کەمێك خویَ بەوانیش بدات ، بۆیە بڕیاریاندا بارەکە بکەن بە دوو بەشەوە ، کیسەڵ بە بڕیاری دادگا ناڕەحەت بوو چونکە ئەو لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە چوێیەکە ماڵی چۆیەتی ، بەڵام بیَ خواستی خۆیو بە ناچاری رازی بوو بەوەی کە خوێیەکە دابەش بکەن ، مارمیلۆك بەخێرایی ئەو بەشەی کە خوێی زۆرتر بوو هەڵگرت ، جگە لە تۆزێك خویَ کە رژابووە سەر زەوی ، هیچیتر بۆ کیسەڵ نەمایەوە ، کیسەڵ هەوڵیدا خوێیەکە کۆبکاتەوە ، بەڵام بەو دەستە کورتانە ئەو کارەی پیَ نەکرا ، ئەوگەڵایەش کە خوێیەکەی تێدا پێچرابوو کەرت ببوو و ئیتر بەکەلکی ئەوە نەدەهات شتێکی تێدا بپێچرێت ، سەرەنجام کیسەڵ نائومێد مایەوەو لەکاتێکا تەنها کەمێك خوێی بەرکەوت ، بەرەو ماڵ کەوتە ڕیَ ، دواتر ئەوکەسانەی کە لەدادگا ئامادەبوون بەخێرایی پاشماوەی خوێیەکەیان کۆکردەوەو بردیانە ماڵەوە ،

کاتیَ کە ژنی کیسەڵ خوێیەکەی بینی خەم دایگرت و کاتیَ کە بەسەرهاتی کیسەڵیشی بیست زیاتر دڵتەنگ بوو ، کیسەڵ کە لە سەفەرە دوورو درێژەکەیدا ماندوو ببوو ، ناچاربوو چەند ڕۆژێك پشوو بدات ، بەڵام





ئەو ئەگەرچی لە رۆیشتندا لەسەرخۆو سست بوو کەچی لەڕووی هۆش و زیرەکییەوە هیچی کەم نەبوو، ئەوەندە بیری کردەوە تا رێگاچارەیەکی دۆزییەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە مارمیلۆکەکە.

کیسەڵ خواحافیزی لە ژنەکەی کرد ، لەکاتێکا کە برووسکوی خۆشی لە چاوەکانیدا دەبینرا ، بەرەو لای ماڵی مارمیلۆك کەوتەڕێ ، پاش ماوەیەك رێگابڕین کیسەڵ مارمیلۆکی لە دوورەوە بینی ،مارمیلۆك بە خواردنی مێروولەی باڵدارەوە خەریکبوو ، کیسەڵ بە هێمنی لە مارمیلۆك نزیك بۆوەو خۆی هەڵدایە سەری ، بە توندی ناوقەدی بەدەستیەوەگرت و بە شادییەوە هاواری کرد: ( تەماشاکەن چیم دۆزییەوە !!) مارمیلۆك گوتی ئەوە چ دەکەی؟!) کیسەڵ گوتی : ( بەرێدا دەرۆیشتم شتێکم لەسەر زەوی دۆزییەوەو هەڵمگرتەوە ، کەواتە ماڵی منە ، وەك چۆن ئەو رۆژە تۆ خوێیەکەی منت هەڵگرتەوە ) کیسەڵ بەمجۆرە قسەی دەکردو مارمیلۆکیش لەبەردەستی ئەودا دەست و پێی دەکوتاو دەپاڕایەوە تا ئازادی بکات . کیسەڵ گوتی : ( پێویستە دیسان بچینەوەلای پیاوماقولانی گوند.





کوێخای گوند کاتێ گوێبیستی قسەکانیان بوو گوتی : ( ئەگەر بەراستی دادوەری بکەین دەبێ هەمان ئەو بڕیارە بدەین کە ئەو ڕۆژە بۆ خوێیەکە دامان . ریش سپیەکانی دیکە سەریان بە نیشانەی ڕەزامەندی ڕاڵەقاندو گوتیان : ( ئێمە خوێیەکەمان کرد بە دوو کەرتەوە ، کەواتە دەبێ مارمیلۆکەکەش بکەین بە دوو کەرت و کەرتێکی لێ بدەینە کیسەڵ . مارمیلۆك گوتی : ( ئەمە بڕیارێکی ڕاست و دروست نییە ) بەڵام بەرلەوەی مارمیلۆك بتوانێ ڕابکات ، کیسەڵ چەقۆی یەکێك لە ریش سپییەکانی گوندی لەبەر پشتێنەکوی دەرهێناو بە چەقۆوە بەرەولای مارمیلۆك هات ، مارمیلۆکیش لە ترسان بەڵێنیدا هەموو خوێیەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی .





# كەروێشكێك لەناو مانگدا

( ئەفسانەیەكی ژاپۆنییە )

پیرەمێردێك لەسەر مانگ دەژیا ، رۆژێكیان لەو بەرزاییەوە تەماشای زەویی دەكرد، چاوی بە كەروێشكێك و مەیموونێك و رێوییەك كەوت ، ئەم سێ گیاندارە وەك سێ برادەری دڵسۆز بەیەكەوە لە دارستان دەژیان ، پیرەمێرد لە دڵی خۆیدا گوتی : ( من نازانم ئەم گیاندارانە كامیان میهرەبانترن ، واچاكە بچمە خوارەوەو تاقییان بكەمەوە ) بەمجۆرە پیرەمێرد جلوبەرگی خۆی گۆڕی ، واتە دەستە جلێكی كۆنەو دڕاوی لەبەركردو چووە ناو دارستانەكە ، كە گەیشتە دارستان بەشێوەی سواڵكەرێك دەستی پانكردەوەو گوتی: ( خەڵكینە من هەژارم یارمەتیم بدەن ،برسیمە ، تینوومە، شتێكم بدەنێ بیخۆم ) سێ برادەرەمیهرەبانەكە كاتێ پیرەمێردیان بینی هەموو پێكەوە گوتیان : ( بەستەزمان پیرەمێرد! ) دواتر هەرسێكیان بەخێرایی رۆیشتن تا هەندێ خواردنی بۆ بێنن .





مەیموون چوو بڕێکی زۆر میوەی هێنا ، ڕێویش چەند ماسییەکی گەورەی گرت ، بەڵم کەروێشکی کلۆڵ هەرچەندی گەڕا هیچی پێ پەیدا نەکرا ، بۆیە لە حەژمەتان دەستی بە گریان کرد ، ئێستا نەگریێ کەی بگرییێ ، مەیموون و ڕێوی هاتنەلایو لە هۆی گریانەکەیان پرسی ، کەرویشك گوتی: ( من هەرچی کردم نەمتوانی شتێك بۆ پیرەمێرد پەیدا بکەم ، لەبەرئەوەی هێشتا دڵی پڕ لەخەم و خەفەت بوو دیسان دەستی بەگریان کردەوە ، بەڵام یەکسەر شتێکی بەبیردا هات ، فرمێسکەکانی سڕیو گوتی: ( برادەرە ئازیزەکانم ، ئامادەن یارمەتیم بدەن ؟ ) مەیموون و ڕپوی بەیەك دەنگ گوتیان : ( بەڵێ ئامادەین ) کەروێشك سەرەتا رووی لە مەیموون کردو گوتی : ( تکایە تۆ هەندێ دارم بۆ کۆبکەرەوە ) مەیموون چەند جارێك هەڵبەزو دابەزی کردو گوتی : ( ئەمر دەکەی قوربان!) دواتر کەروێشك رووی لە ڕێوی کردو گوتی : ( تۆش برادەری ئازیزم ئاگرێکی چاکم بۆ داگیرسێنە ) ڕێویش گوتی : ( بەسەرچاو برادەری ئازیزم )

مەیموون و ڕێوی ، هەرچییەك کەروێشك داوای کردبوو جێبەجێیانکرد، کاتێ کە ئاگرەکە بەتەواوی داگیرساو کەوتە نێڵەنێڵ ، کەروێشك بە





پیرەمێردی گوت : ( من هیچم نییە بیدەمە تۆ ، بۆیە وا خۆم دەخەمە ناو ئەم ئاگرە ، کاتێ بەتەواوی برژام ئێوە دوتوانن بمخۆن ) ئەمەی گوت و ویستی خۆی بهاوێتە ناو بەڵام پیرەمیرد نەیهێشت و یەکسەر شێوەی خۆی گۆڕیو جلوبەرگە جوان و نایابەکەی خۆی لەبەر کردو گوتی : ( کەروێشکی ئازیز ، تۆ زۆر میهرەبانێت و پێویست ناکات خۆت لەناو ببەی ، من لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ سەر مانگ تا لەگەڵ من بژیت ، ئایا حەز دەکەی لەگەڵ من بێی بۆ سەر مانگ ؟) کەروێشك رازی بوو لەگەڵ پیرەمێرد بچێتەسەر مانگ ، بۆیە پیرەمێرد لە باوەشی کردو لەگەڵ خۆیدا بردی بۆسەر مانگ.

ئازیزانم .. ئەگەر ئێوەش لەکاتێکا کە مانگ بە تەواوی پڕە ، بەجوانی تەماشای بکەن  دەتوانن کەروێشکەکە لەناو مانگدا ببینن .

سەرچاوە :

کتێبی ( دیوهای دماغ دراز ) وەرگێڕانی بۆ فارسی : محمد رچا شمس





# دێوە لووت درێژەکان

( ئەفسانەیەکی ژاپۆنییە)

لە وڵاتتێکی دوورو لە سەردەمێکی زۆر کۆندا ، دوو دێوی لووت درێژ لە یەکێك لە کێوە بڵندەکاندا دەژیان ، ئەم دوانەش (دێوی شین) و (دێوی سوور) بوون و شانازییەکی زۆریان بە لووتە درێژەکانیانەوە دەکرد، ئەو دێوانە هەرکاتێك بیانویستایە دەیانتوانی لووتیان چەندین فرسەخ درێژ بکەنەوەو بیگەیەننە دێهاتە دوورەکان ، لەوەش زیاتر هەمیشە باسیان لەلووتە درێژەکانیان دەکردو هەریەکە بەجۆرێك باسی لە لووتی خۆی دەکرد ، رۆژێکیان دێوی شین لەسەر لوتکەی کێوێك راکشابوو ، لەوکاتەدا هەستی بەبۆنێکی زۆر خۆش کرد کە لە دوورەوە دەهات ، دێوی شین لووتی خۆی خوراندو لەدڵی خۆیدا گوتی : ( بەه .. بەه کە بۆنێکی خۆشە! دەبێ بۆنی چ شتێك بێت ) دواتر دەستی بە درێژکردنی لوتی خۆی کرد ، لووتی هەر درێژکردو درێژکرد تا لە حەوت کێو و حەوت دەریا ئاودیو بوو گەیشتە





مێرخوزارێکی گەورەو لەویٚ چووە ناو کۆشکێکەو , لەو کۆشکە شکۆدارەدا ئاهەنگێکی گەورە بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی ( شازادە گوڵسپی ) سازدرابوو شن هەموو شازادەکان بۆئەم ئاهەنگە داوەت کرابوون ، شازادە گوڵسپی جلوبەرگی زێڕینی لەبەرکردبوو ، لەنێو بازنەی برادەرەکانیدا لە کەیف و خۆشیدابوو ئەو بۆنەش کە کەوتبووە بەر لووتی دێوی شین بۆنی خۆشی بەرگە زێڕین و گرانبەهاکانی شازادە گولسپی بوو .

شازادە خانم تۆوێك هیلاك ببوو ، هەستی بە تینوویٚتی دەکرد، بە یەکێك لە خزمەتکارەکانی گوت ئاوی بۆ بهێنێت ، خزمەتکاریش بە خێرایی فەرمانەکەی جێبەجیٚ کردو ئاوی بۆ شازادە گوڵسپی هێنا ، شازادە خانم کە ویستی ئاوەکە بخواتەوە دەستی لەرزیو کاسەکەی بەربۆوەو جلوبەرگە جوانەکەی شازادەی تەڕ کرد ، شازادە خانمیش ناچاربوو بچێتە ژوورەکەی و جلە جوانەکەی بگۆڕێت ، بیریشی لەوە دەکردەوە کە جلە تەڕەکانی لە شوێنێك هەڵبخات ، لە پڕێکدا چاوی بە لووتی دێوی شین کەوت لەدڵی خۆیدا گوتی : ( چەند باشە دیارە کەسێك





پەتێکی شینی لەم هەیوانەدا بەستاوە تا من جلوبەرگەکانمی لەسەر هەڵبخەم ) دواتر جلەکانی لەسەر لووتی دێوی شین هەڵخست ، لەولاشەوە دێوی شین کە لەسەر لوتکەیەك راکشابوو هەستیکرد کە شتێك لووتی ختووکە دەدات و دەستی بە کۆکردنەوەی لووتی کرد ، شازادەی بێچارە کە بینی وا جلوبەرگەکانی دەفڕن لە ترس و سەرسامیدا نقومبوو ، دەستی درێژکرد بەڵکو بتوانێت جلەکانی بگرێت ، بەڵام تازە لەدەست دەرچووبوو ، چووە ژووری میوانان و فەرمانی بە خزمەتکارەکاندا هەر ئێستا ئەو جلوبەرگانەی بۆبهێننەوە کە بە ئاسماندا دەفڕی بەڵام بێسوود بوو . کراسە جوانەکەی شازادە لەچاوان بزربوو ، شازادە وەك هەوری بەهار دەگریاو دەستە خوشکەکانیشی نەیانتوانی دڵنەولیی بدەنەوە.

بەڵام با بگەڕێینەوەلای دێوی شین : ئەو بەبینینی ئەو جلوبەرگە جوانانەی کە لەسەر لووتی ئاڵابوو زۆر دڵخۆش بوو ، بە دڵخۆشییەوە چووە ماڵەوەو جلەکانی لەناو سەندووقێکی بچکۆلانەدا شاردەوە ، چەند رۆژێك دواتر دێوی سوور هاتە دیدەنیی دێوی شین ، دێوی شین جلە جوانەکانی لەناو سەندوووقەکە دەرهێناو نیشانی دێوی سووریداو گوتی: (تەماشای





لووتێكی چەند عەجایبم هەیە ؟! چەند رۆژێك لەمەوبەر ئەو جلە جوانانەی بۆ هێنام ) دواتر كەوتە باسكردنی لووتی خۆی و بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە كەم دێو هەیە لوتی وا بەنرخی هەبێت . دێوی سوور وەختبوو لە حەسوودییان بتەقێت ، لەكاتێكا كە تووڕەیی لیٚ دەباری گوتی : ( ئەی گێلەدێو تەنها كەمێك سەبرم لیٚ بگرە ، من بۆت دەسەلمێنم كە لووتی من لەلووتی تۆ باشترە

دواتر بیٚ ئەوەی خواحافیزی لە دێوی شین بكات بە خێرایی لە ماڵەكەی رۆیشت تاگەیشتە كێو، لەسەر كێوەكە راكشاو لووتی بەملاو بەولادا  درێژ دەكرد بەڵكو بۆنێكی خۆش بێتە بەر لووتی ، بەڵام هیچ نەبوو ، چەند رۆژێك بەم شێوەیە تێپەڕی ، دێوی سوور سەبری نەماو لەتووڕەییا دەیویست مشتی بەزەویدا بكوتیٚ ، كار گەیشتە ئەوەی كە حەوسەڵەی نەمێنێت و بەخۆی گوت : ( هەرچی دەبیٚ بابیٚ من لەمە زیاتر چاوەڕیٚ ناكەم و لووتم دەنێرمە لای مێرخوزارەكەو دڵنیام شتێكم هەر بەنسیب دەبێت ، بۆیە دێوی سوور لووتی بەرەو لای مێرخوزارەكە درێژكردو لووتەكەی حەوت كێو و حەوت دەریای بڕی تا گەیشتە كۆشك ،



هەر لەو کاتدا کوڕی پاشاو هەندێك لە برادەرەکانی لە ناو باخچە سەرگەرمی یاری کردن بوون ، کوڕی پاشا کە لووتی دێوی بینی بە برادەرەکانیگوت : ( تەماشاکەن .. ئەو پەتە سوورە ، بیهێنن با جۆللانەی پێبکەین ) مندالّەکان دەمودەست پڕیان دایە پەتەکەو دەستیا بە جۆللانە کرد ، جۆللانەیەك نەبێتەوە !

بەڵام با بێینەوە بۆلای دێوی سوور : دێوی سوور هەستی کرد لووتی گران بووە ، بۆیە لەدڵی خۆیدا گوتی : ( گیان .. گیان بێگومان شتێکی جوانتر لە جلوبەرگەکانیان بەسەر لووتی منەوە کردووە ، ویستی لووتی خۆی کۆبکاتەوە بەڵام نەیتوانی ، چونکە مندالّەکان لە پەتەسوورەکەوە ئاڵابوون ، کوڕی پاشا بە برادەرەکانی گوت : (ئەم پەتە زۆر بەسوودە دەتوانین هەمووکاتێك جۆللانەی لەسەر بکەین واچاکە بە یەکێك لە ئەستووندەکانی کۆشکەوە بیبەستین تا کەس نەتوانێت بیبات . مندالّەکان بەمە رازی بوون و پەتەکەیان گرت و لە یەکێك لە ئەستووندەکانین بەستا ، دێوی سوور یەك بە دەنگی خۆی هاواری کردو بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە لووتی خۆی کێشایەوە ، لووت پساو دێوی سوور لەتاو ئێش و






ئازاری خۆی دەستی بە گریان کرد، هەر ئەو کاتە لە دڵی خۆیدا گوتی : ( ئەمە سزای کەسێکە کە حەسوودی بە برادەری خۆی ببات)

سەرچاوە :

کتێبی ( دیوهای دماغ دراز ) وەرگێرانی بۆ فارسی : محمد رچا شمس

# شێرو پێشووله



دارستان تاریك و بێدەنگ بوو ، شێر کە پاشای گیانداران بوو لە نیوەی شەودا بەئاگا هات ، باوێشکێکی داو دەستی بە نەڕە نەڕ کردهەموو ئەو گیاندارانەی کە لە لانەکانیاندا خەوتبوون لەترسان لە خەو ڕاپەڕین ، ئەوەندەی نەمابوو باڵندەکان لەسەر لقی درەختەکان بکەونە خوارەوە ، مێرووله بچکۆلەکانیش بە پەشۆکاوییەوە لەسەر زەوی بەملاو بەولادا دەرۆیشتن .

پێشوولەیەك کە لەلانەکەی خەوتبوو ، لەگەڵ نەڕڕەی شێر لەخەو ڕاپەڕیو بە تووڕەییەوە گوتی : ( گیاندارێکی چەند چەقاوەسووە ! چۆن زاتی کرد بەم نیوەشەوە بنەڕێنێت و لەخەوم بکات ، دەبێ چاکی عاقڵ بکەم)

پێشووله چزووێکی تیژی هەبوو کە زۆر کەیفی پێ دەهات و هەمیشه دەیگوت : ( چزووی من وەك شمشێر تیژە ، ئەوکاتەش کە لەخەو بەئاگا




هێنرابوو لەدڵی خۆیدا گوتی : (دەزانم چی لەم شێرە چەقاوەسووە دەکەم ، بەم شمشێرە تیژەم هەقی خۆی پێدەدەم )

لەوکاتەدا شێر خەریکبوو بەلای پێشوولەکەدا تێدەپەڕی پێشوولە هاواری کرد : ( هەی بێ تەربیەت، شەرم ناکەی بەم شەوە دەنەڕێنیت و هەموومان لەخەو دەکەی) شێر بەسەرساماییەوە تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، لەدڵی خۆیدا گوتی : ( سەیرە ، واهەستدەکەم کەسێك بەسەرمندا هاوار دەکات ، کەچی خۆی لەکوێیە ؟) و بە دەنگیکی بڵندترەوە پرسی: : ( تۆ کێی ؟ بۆچی بەسەر مندا دەقیژێنیت؟) پێشوولە گوتی : ( چاوەکانت باش بکەرەوە ! ئەوەمن بووم کە هاوارم بەسەرتا کرد) شێ رچاوی بە پێشوولە کەوت و گونی: ( تۆ؟! فسقلی چۆن وێرات بەسەر مندا هاوار بکەیت؟ دیارە نازانی من لە هەمووگیانداران بەهێزترم و ئەگەر بمەوێت تۆ لە ژێر پێما دەپلیشێنمەوە ) پێشوولە بە تووڕەییەوە هاواری گرد : ( گوتت چی؟ کێ گوتوویەتی تۆ لە هەمووان بەهێزتریت ؟ ئەو قسە قۆڕە چییە دەیکەیت؟! ) شێر بە تووڕەییەوە چاوەکانی زەقکردەوەو هاواری کرد: ( پێشوولەیەکی چەند زمان درێژی ، ئێستا




نیشانت دەدەم ) بەرەولای پێشووله هەڵمەتی برد، بەڵم پێشووله وززه وزێکی کردو به خێرایی هەڵفڕی ، سوڕایەوەو چووه ناو کونەلووتی شێر . سەرەتا شێر قدیلانەی بۆوه بەڵم دواتر لووتی دەستی به سوتانەوەو خورشت کرد ، شێر چەند جارێك سەری راتەکاند ، دواتر کەوته دەست و پێ کوتان و هەڵبەزو دابەز ، دەینەڕڕاندو نەعرەتەی دەکێشا ، بەڵام هیچی لەدەست نەدەهات ، پێشووله بەکاوەخۆ لەناو لووتی شێردا سەروخواری دەکردو چزووی دەوەشاند . سەرەنجام شێر هیلاك بوو ، لەسووچێك کەوت و به ناڵەناڵەوه گوتی :( پێشوولەی ئازیزم بمبووره ، هەڵەیەك بوو کردم ، داوایلێبووردن دەکەم ) پێشووله که لەخۆشییان شاگەشکه ببوو گوتی: (باشه ! ئێستا بوویته شێرێکی به ئەدەب ، تێگەیشتی که لەتۆ بەهێزتریش هەیه ، ئێستا دەتوانی بڕۆیت و بخەویت بەڵام لەبیر نەکەیت لەنیوەی شەودا حەزی نەڕاندن بەخەیاڵتا نەیەت . پێشووله ئەمەی گوت و لەناو لووتی شێر هاته دەرەوه ، شێر به پەشۆکاویو سەره سووڕێوه کەوتەڕێ .



پێشووله فڕی و لەکاتێکا که لاف و گەزافی لێدەدا به هەمووانی گوت : ( من بەتەنیا بەسەر شێردا زاڵبووم و ئەو خۆی داوای لێبووردنی لێکردم ، من



لەهەمووان بەهێزترم ) پێشوولە لەخۆشییان هەڵدەفڕیو دەسوڕایەوەو گۆرانیی دەگەت ، هێندەی گوت و هێندە سوڕایەوە تا سەرەسووڕەی گرت و لەپڕێکا لە تەونی جاڵجاڵۆکەیەك گیربوو ، ئیتر پێشوولەی لەخۆبایی نەیدەتوانی بەهۆی چزووە تیژەکەی خۆی لە تەونی جاڵجاڵۆکە دەرباز بکات.







## چۆن ئەسکیۆسی یەکەم یاریی لە خان بردەوە؟ !

لەسەردەمانێکی کۆندا پیرەمێردێك هەبوو ، کوڕێکی هەبوو ناوی (ئەسکیۆسی یەکەم ) بوو ، دوای ساڵانێك پیرەمێرد کۆچی دوابی کردو سی ئەسپ و سی مەڕو سی گای بۆ کوڕەکەی بەجێهێشت ، ئۆسکیۆسی یەکەم نە خوشکی هەبوو نەبرا ، لەدڵی خۆیدا بیری لەوە کردەوە کە چی لەو ئاژەڵانە بکات ؟ لە ئەنجامدا بڕیاریدا کە بیاگۆڕێتەوە بە فێربوونی زانست و زانیاری.

ئەوەبوو لەگەڵ ئاژەڵیکانی بەرەو ژوور کەوتەڕێ ، دوای ماوەیەك گەیشتەهۆبە رەشماڵێك، لەناو رەشماڵی یەکەمدا چەند کەسێك دانیشتبوون و یاریی شەترەنجیان دەکرد، ئەو پیاوانەی کە یاریی شەترەنجییان دەکرد لێیانپرسی: ( لەکوێوە دێی ؟ .. چیت دەوێت ؟) ئۆسکیۆسی یەکەم لە وەڵامدا گوتی : ( لە خوارەوە دێم و دایك و باوکم نەماون و ئاژەڵێکی زۆریان بۆ بەجێهێشتووم ، دەمەوێت بیانگۆڕمەوە بە فێربوونی زانست و زانیاری ،






ئەگەر ئێوە فێری یاریی شەترەنجم بکەن ، منیش سی مەڕتان پێدەدەم ) ئەوان رازیبوون .

سێمانگ تێپەڕی ئۆسکیۆسی یەکەم ئەوەندە لە یاریکردن شارەزا ببوو ، تەنانەت لە مامۆستاکانی خۆیشی دەبردەوە ، هەروەك بەڵێنی دابوو سی مەڕی پێدان و خواحافیزی لێکردن و لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکەی کەوتەڕێ . هەر رۆیشت و رۆیشت تا گەیشتە رەشماڵێکی سپی ، سێ کەس لەوێ دانیشتبوون ئەو سحربازیو چاوبەستکارییانەی کە دەیانزانی بۆیەکتریان نمایش دەکرد . سحربازەکان پرسییان : ( لە کوێوە دێی؟ چیت دەوێ ؟ ) ئۆسکیۆس وەڵامی دایەوە : ( لەو خوارەوە هاتووم دایك و باوکم نەماون ، ئاژەڵێکی زۆریان بۆبەجێهێشتووم دەمەوێ بیانگۆڕمەوە بە فێربوونی زانست و زانیاری ، ئەگەر ئێوە فێری چاوبەستکاریم بکەن منیش سی گاتان دەدەمێ )ئەوان رازی بوون . دوو مانگ تێپەڕی ، ئۆسکیۆسی یەکەم وای لێهات بتوانێت کاری سەیرو سەمەرەتر لە هی مامۆستاکانی خۆی ئەنجام بدات ، هەروەك بەڵێنی دابوو سی گای پێدان و خواحافیزی کردو بەرەو ژوور کەوتەڕێ .





ڕۆیشت و ڕۆیشت هەتا گەیشتە چادرێکی دیکە ، لەوێدا سێ کەس دانیشتبوون خەریکی ژمێرە بوون ، ئۆسکیۆسی یەکەم بۆی باسکردن کە کە مەڕو گاکانی بە بە فێربوونی زانست گۆڕیوەتەوە ، ئێستا هەم یاری شەترەنج دەزانێت و هەمیش چاوبەستکاری ، گوتی ئەگەر فێری ژمێرەی بکەن ئەوا بیست ونۆ سەر ئەسپیان دەداتێ ، ئەوان ڕازی بوون .

سێ‌مانگ تێپەڕی ئۆسکیۆسی یەکەم تەنانەت لە مامۆستاکانی خۆیشی باشتر ڕاهێنانە ژمێرەییەکانی شیکار دەکرد ، هەروەك بەڵێنی دابوو بیست ونۆ سەر ئەسپەکەی پێدان و سواری تاقە ئەسپەکەی بوو و ڕۆیشت .

ئۆسکیۆسی یەکەم لەڕێگادا لە خەڵکی بیست کە فێڵبازێك بەناوی ( کاراتێ خان ) هەیەو لەودیوی زوورگەکان دەژی ، خان یاری شەترەنج لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەکات کە بە کە بەخاکی ئەودا تێدەپەڕێت ، ئەگەر بباتەوە دۆڕاوەکە دەکاتە شوانی خۆی‌و ئەگەر بشدۆڕێنێت هەموو مەڕو شوانەکانی خۆی دەداتە ئەو کەسەی کە لێی دەباتەوە ، بەڵام تا ئەو کاتە کەس نەیتوانیبوو لەخان بباتەوە ، هەرکەسێك کە لەگەڵیا یاریی دەکرد لەکۆتاییدا دەبوو بەشوانی خان ، ئۆسکیۆسی یەکەم بڕیلریدا یاری لەگەڵ





خان بکات ، ئەدی بۆچی خۆی فێری شەترەنج کردبوو؟ ! لە زوورگەکان تێپەڕیو گەیشتە دەشتێکی پان و بەرین ، لەوێدا مەڕەکانی خانی بینین و هەموویانی ژمارد ، شوانەکانیشی ژمارد  کە 99 کەس بوون ، بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر خان لێی بباتەوە دەبێتە سەدەمین شوانی ئەو ، ئەگەر ئەویش لێی بباتەوە هەموو شوانەکان ئازاد دەکات .

ئۆسکیۆسی یەکەم چووە ناو رەشماڵەکەی خان ، کاراتێ خان لێی پرسی : ( لەکوێوە دێی ؟ چیت دەوێ ؟ ) ئۆسکیۆسی یەکەم وەڵامی دایەوە ، لەودیوی چیاوە دێم ، دەمەوێت یاریی شەترەنجت لەگەڵبکەم بەڵکو بتوانم بەم یارییە مەڕو شوانەکانت لێ ببەمەوە . خان پێکەنی و گوتی : ( لەمن ببەیتەوە ؟ تۆ؟ ! کوڕە هەی گێلە چون دەتەوێ لەمن ببەیتەوە ، بڵێ بزانم کاتێ بە خاکی مندا هاتی چیت بینی؟ ) ئوسکیۆس وەڵامی دایەوە : ( مەڕو شوانەکانی ئێوەم بینی ) .

خان گوتی : ( جا باشترە سەرەتا بیانژمێریت دواتر یاری بکەین ) ئۆسکیۆسی یەکەم گوتی: ( پێشتر ژماردوومن ، شوانەکانی ئێوە 99 کەس بوون ئەگەر من بدۆڕێنم دەبمە سەدەمین کەس و ئەگەریش ببەمەوە






هەموویان ئازاد دەکەم ) خان سەری سوڕما لەوەی کە چۆن ئەم لاوە سادەیە لە ژماردندا ئەوەندە شارەزایە ، یاری دەست پێکرا ، دوای سەعاتێك خان هەستیکرد ئەوەندەی نەماوە بدۆڕێنێ بۆیە گوتی : (لەسەرخۆبە! یاریی شەترەنج دوورو درێژو پڕ لە هیلاکییە پێویستە نان وئاو بخۆین و پشووبدەین دواتر یاری دەکەین )

هاوسەری خان لە دوو قاپی زێڕیندا خواردنی بۆ هێنان ، ئۆسکیۆسی یەکەم بە زیرەکیی خۆی تێگەیشت کە ئەو خواردنەی لەپێش خانیان داناوە عەقڵ زیاد دەکات و مرۆڤ وریاتر دەکات ، بەڵام ئەو خواردنەی کە لەپێش ئەویان داناوە عەقڵ لەناودەبات و چاوان کزو تاریك دەکات ، ئۆسکیۆسی یەکەم سحربازێکی باش بوو بە چاو لێکدانێك جێگای قاپەکانی گۆڕی ، خان یاریی یەکەمی دۆڕاندو ئۆسکیۆسی یەکەم گوتی : ( باشە ! یاریی یەکەمم بردەوە دوو یاریی دیکە ماوە ، خان بە توڕەییەوە تەماشایەکی کردو دواتر درێژەیان بە یاریکردندا ، هێندەی نەمابوو ئۆسکیۆسی یەکەم یاریی دووەمیش بباتەوە خان هاواری کرد : ( هۆی ، خواردن بێنن تا هێزم بێتە بەر ) دووبارە لە دوو قاپی زێڕیندا خواردنیان هێنایە پێشیان ،





ئەمجارەش لاوەی زیرەك جێگای قاپەکانی گۆڕی ، خان لەگەڵ تەواوبوونی خواردنەکە خەو چاوەکانی گرت و نەیدەتوانی بیربکاتەوە ، سەرەنجام یاریی دووەمیشی دۆڕاند.

ئۆسکیۆسی یەکەم گەتی : ( ئەمە دوا یارییە )

لەکاتێکا خان بە ترسەوە تەماشای دەکرد درێژەیان بە یاریکردندا ، دوای چەند جوولەیەك خان تێگەیشت کە لەماوەیەکی کەمدا ئەم یارییەش دەدۆڕێنێت، ناچار دیسان فەرمانیدا خواردن بێنن ، ئۆسکیۆسی یەکەمیش وەك هەردوو جاریپێشوو جێگای قاپەکانی گۆڕی. بە تەواوبوونی یارییەکە چاوەکانی خان تاریك بوو ، پوولەکانی شەترەنج لەبەر چاوەکانی هاتبوونە سەماو جوولە جوولیان دەکرد و بەچەپ و راستا دەڕۆیشتن ، دواتر ئۆسکیۆسی یەکەم دوای سێ جوولە توانی لە خان بباتەوە و لەگەڵ کۆتایی هاتنی یاریی سێیەم گوتی : ( زۆر باشە من سێ جارم بردەوە ، کەواتە هەموو ئاژەڵ و شوانەکان دەبنە هی من ) خان ئەگەرچی ئەمەی بەلاوە زۆر سەخت بوو ، بەڵام بە ناچاری قسەکەی ئەوی قەبووڵکردو گوتی : ( هەرچی هەمەماڵی تۆیە ، تۆ خاوەنی هەموویانی )





ئۆسکیۆسی یەکەمی عاقڵ گوتی : ( من سەروەت و سامانم ناوێ ، تەنها حەزم لێیە شوانەکانی تۆ ئازادبن ) خان شوانەکانی ئازادکردو ئۆسکیۆسی یەکەمیش مێگەلێك مەڕی بە هەریەکێکیان بەخشیو دواتر سواری ئەسپەکەی بوو و لەوێ ڕۆیشت.